# گوگڵیش بوو بە خاوەن تەبلێت

هەتا چەند ساڵێك لەمەوبەر بەگشتی گوگڵمان بەو سایتە گرنگە دەدیت كە ڕۆڵێكی گرنگ لە جیهانی ئینتەرنێتدا بۆ دۆزینەوە و بە دواداگەڕان دەبینێت، بەڵام كۆمپانیای ناوبراو ماوەی چەند ساڵێك دەبێت ویستوویەتی خۆی تەنیا لە جیهانی ئینتەرنێتدا نەبەستێتەوە و ئامێرێكی دیكەش بەرهەم بێنێ، وەك مۆبایل، چاویلكە، ئۆتۆمبێل، لەم ماوانەشدا تەبلێت.

تەبلێتی جۆری تانگۆی گوگڵ كە بەهاوبەشی لەگەڵ كۆمپانیای ئەنۆیدیا چێكراوە، شاشەیەكی 7 ئینجی هەیە كوالیتی زۆر لەسەرێیە. ڕامەكەی 4 گیگابایتە. 128 گیگابایتیش میمۆری ناو خۆیەتی. سیستەمی پەیوەندی LTE هەیە و هەروەها سیستەمی بەگەڕخەری ئەندرۆید 4ی لەسەرە. گرنگترین بەشی ئەم تەبلێتە پەیوەندی هەیە بە كامێراكەیەوە. كە بەشێوەی سێ ڕەهەندی واتە 3D فیلم هەڵدەگرێتەوە كە بۆ چێكردنی نەخشە سوودێكی زۆری لێدەبینرێت.




# تۆپی پێی هۆشمەند ناوبژیوانێكی بێ هەڵە

كۆمپانیای ئادیداس كە چالاكییەكانی لە بواری وەرزشیدایە بەم دواییە تۆپێكی هۆشمەندی دیجیتالی بەرهەم هێناوە كە بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێت دەكرێت بەهۆیەوە پەنلتی، لێدانی ئازاد، هاویشتن و...تاد لە خۆیدا تۆمار بكات.

لەناو ئەم تۆپەدا چەندین هەستەوەری تێدایە ئەركیان لێكدانەوە و شیكردنەوەی كاركردەكانی بەكارهێنەرەكەیەتی دواتر زانیارییەكان بەهۆی بلوتوسەوە بۆ مۆبایل دەگوازرێنەوە. دوای لێكدانەوەی زانیارییەكان بۆت دەردەكەوێت چ بكەی بۆ ئەوەی كە ببی بە یاریزانێكی باش. ئەم تۆپە بە Micoach ناسراوە.




# كۆمپیوتەرە كتێبیەكەی ئایسۆس

كۆمپانیای ئایسۆس ASUS ناوێكی ناسراوە لە جیهانی تەكنەلۆژیای نوێدا، لە پێشانگای ساڵانەی (كامپیوتێكس)دا كۆمپیوتەرێكی تایبەتی خستەڕوو كە بە جۆری GR8 ناسراوە و ستایلی كۆمپیوتەرەكە لە كتێب دەچێت. كۆمپیوتەرەكە زیاتر بۆ یاری و گەمەی گرافیكی بەهێز سوودی لێوەردەگیرێت و هەروەها سیستەمی ویندۆز 8ی لەسەرە. بەهۆی قەبارەی بچووك و تواناكانی ڕەنگە شوێنی زۆر لەو ئامێرە گرانباییانەی بگرێتەوە كە بۆ گەمەی ئەلكترۆنی چێكراون. لێكدەرەوەی جۆری CoreI7 ئەنتەلی لەسەرە لەگەڵ كارتی گرافیكییەكی زۆر بەهێز. هەروەها وێنەكان بە كوالیتی K4 نیشان دەدات و سەرووی HD كە بە UHD ناسراوە. سیستەمی wi-FI لەسەرە. گرنگترین تایبەتمەندی ئەویە زۆر بێدەنگە و وزەیەكی زۆریشی ناوێت.






# دینگڵ بۆ پەیوەندی نێوان کۆمپیوتەر و TV

فیلمێك یـــان گۆرانییەك کە حـــەزی لێدەکەی یان وێنەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت حەز دەکەی لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکەتەوە نیشـــان بدەی بۆ ئەوەی کـــە هەموو لایەك ببینن. بۆ ئەمە چ دەکەی لە کێبڵی پەیوەندی نێوان کۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆن سوود وەردەگری یان ڕێگایەکی دیکەیە. بەڵێ شێوازی دیکە و ئاســـان هەیە بەکارهێنانی دینگڵی جۆری Airtame کە هی کۆمپانیایەکی دانیمارکییە و ســـایزەکەی بە قەد فلاشێك دەبێت، ئەم دینگڵە بەبێ وایەر دیمەنەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت بۆ سەر تەلەڤزیۆن یـــان کۆمپیوتەری دیکە دەگوازێتەوە، فەرق ناکات سیســـتەمەکە چ بێت، ویندۆز یان ماکینتۆش یان لینۆکس. بەکارهێنانیشی ئاسانە هەر ئەوەندە ئەم دینگڵە شـــێوە فلاشـــە لە شوێنی کێبڵی HDMI بخەی و لەســـەر کۆمپیوتەرەکەت پرۆگرامی تایبـــەت بەم دینگڵە دابەزێنی.



# زانیارییەک لەبارەی هاردی پۆرتێبڵی لایکاوە

بەڕاست و بێ پەسن کردن، هارد باشترین ئامێری دیجیتالییە بۆ هەڵگرتن و ڕاگرتن و ئەرشیف کردنی داتـــاکان، چونکە قەبارەی بچووکە و دەکرێت هەموو داتاکانی خۆت لە فیلم و وێنە و دۆکیۆمێنتەوە لە هـــارد بخەی. هاردە پۆرتێبڵەکان واتا ئەو هاردانەی دەکرێت بـــە جیا لە کۆمپیوتەر بخرێن، ڕۆژ بەڕۆژ توانـــا و کارکردیان زیاتر دەبێت. هاردی جـــۆری Lacia rugged thunderbolt کە هاردێکی جۆری SSD یە خێراییەکی زۆری هەیە لە ڕاگواســـتن و هەڵگرتنی داتاکان. ئەم هاردە کێبڵی جۆری ترانت بۆڵتی لە گەڵدایە کە بۆ گواســـتنەوەی داتاکان خێراییەکی بێ وێنەی هەیە. جگە لەوەش کەلێنی دانانی USB 3یشـــی هەیە. ئەم هاردە بەهۆی ڕووپۆشە پلاستیکییەکەیەوە لە ئاو و تۆز و خۆڵ دەپارێزرێت و هەروەها لـــە کەوتنـــە خوارەوە لە بەرزایش ڕۆڵی خـــۆی دەبینێت. هاردەکە لە یەك چرکـــەدا نزیکەی 400 میگا دەگوازێتەوە واتە گواستنەوەی 100 گیگابایت بەکەمتر لە 5 خولەك، هاردەکە لە 500 میگاوە هەیەتی هەتا 2 ترابایت بە پێی ویستی بەکارهێنەرەکەی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت زۆرجار کە نیازمە بچمە سەفەر یان نەچمە سەفەریش بەڵکو بۆ ماوەیەکی کەمیش لاپتۆپەکەم بەجێ دێڵم حەز ناکەم کەس بچێتە سەرلاپتۆپەکەم و بە فلاش میمۆری داتا لە کۆمپیوتەرەکەم وەربگرێ یان دایبنێ، ئایا ڕێگایەك هەیە بۆ داخستنی PORT یان کەلێنەکانی USB؟

بەڵێ خوێنەری بەڕێز بە ئاسانی و بەو زانیاریانەی کە ئێستا باسی دەکەین دەتوانی پۆرتی USB دابخەی. سەرەتا فەرمانی Run بکەوەو دەستەواژەی regedit بنووسە. پاشان پەنجەرەیەك دەکرێتەوە کە ئاوا نووسراوە HKEY- LOCAL- MACHINE SYSTEM CURRENT CONTROL SET SERvICES USB STORE لەودا دوگمەی START بدۆزەوە و ئەو ژمارەی کە نووسراوە لە 3وە بیکە بە 4 و OK بکە. ئیدی تازە کەلێنەکانی USB بۆ دانانی فلاش دادەخرێن بۆ گەڕانەوەشی لە 4وە بیکەوە بە 3 وەك خۆی لێدێتەوە.

## پرۆگرامێک بۆ وەرگرتنی ڤیدیۆکانی ئینتەرنێت




گەلێك گرتەی ڤیدیۆیی یان فیلمی تەواو لەسەر سایتەکان هەن کە حەزدەکەی دایانبەزێنیە سەر کۆمپیوتەر، بەڵام ناتوانی. دیارە پرۆگرام گەلێکی بەسوود هەن کە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدەن وەك download manger یان real player و.. پرۆگرامی بچووکی Aiseesoft video downloadیش یەکێك لەم پرۆگرامانە یە. ئەم پرۆگرامە بە ئاسانی و بە خێراییەکی زۆرەوە ڤیدیۆکانی سەر ئینتەرنێت دادەبەزێنێت و بەوفۆرماتەی کە نیازت هەیە بۆت خەزن دەکات. هەندێك لە تواناکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:


- دابەزاندنی ڤیدیۆی سەر سایتەکان.
- خەزن کردن بەو فۆرماتەی کە نیازت هەیە.
- گۆڕینی فۆرماتەکان بۆ یەکتر.
- خەزنکردن بە کوالیتی دەنگی و ڕەنگی باش.
- خێرایی لە وەرگرتنی فیلمە ڤیدیۆییەکاندا و گونجان لەگەڵ هەموو سیستە مەکانی کۆمپیوتەر.




## زانیارییەک لەبارەی سیستەمی

کۆتایی ساڵی ڕابردوو بوو کە کۆمپانیای مەزنی ئەپڵ سیستەمێکی بەناوی سیستەمی هۆشمەندی carplay بۆناو ئۆتۆمبێل خستەبازاڕەوە. بەڵام ڕەنگە خوێنەران زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی ئەو سیستەمەوە نەبێت، هەربۆیە لێرەدا کورتە زانیارییەك لەبارەی ئەو سیستەمە باس دەکەین.

ئەم تەکنەلۆژییە بۆ ناو ئۆتۆمبێلە، هەر ئەوەندە بەسە کە ئایفۆنەکەت لەگەڵ سیستەمی ئۆتۆمبێلەکەت هەماهەنگ بکەی. ئەوکات



# سایتێک بۆ زانینی خێرایی سایتەکەت

رەنگە پرسیارێك بۆ گەلێكتان هاتبێتە پێش بۆ هەندێك لەسایتەكان زۆر بە درەنگ دەكرێنەوە و هەندێكی تریش بە كەمتر لە چركەیەكیش دەكرێنەوە. ئەگەر تۆ یان كۆمپانیاكەت یان ئیدارە و ئۆفیسەكەت خاوەنی سایتە و تۆش لێی بەرپرسیاری و حەز دەكەی بزانی گرفتی خێرا نەبوونەوەی سایتەكەت لە كوێدایە. سەر لەسایتی http://tools.pingdom.com/ بدە. لەم سایتە هەر ئەوەندە بەسە كە ئەدرەسی سایتەكەت بنووسی ئەوكات سایتەكەی خۆت بە تەواوی بۆ شیدەكاتەوە كە چەند وێنەی تێدایە و چەند تێكستی تێدایە چەند فایلی pdf و چەند فیلمی تێدایە قەوارەیان چەندە. كامەیان لابەری بۆ ئەوەی كە خێرایی سایتەكەت بچێتە سەرێ.

# بەم پێنووسە هەموو رەنگێک بنووسە

بەراست تەكنەلۆژیا بەرەو كوێ هەنگاو دەنێ، ئەگەر تەنیا دە ساڵ لەمەوبەر باسی قەڵەمێكیان كردبا كە بەهەر رەنگێك پێت خۆشە دەنووسێت سەرت سووڕدەما، بەڵام ئەمڕۆ ئەمە راستییە. قەڵەمی جۆری scribble pen كە دیزاینەكەی لە پێنووسێكی ئاسایی دەچێت، دەتوانرێت بەهۆیەوە بە سەد هەزار رەنگ بنووسی! بەڵێ سەد هەزار رەنگ ژمارەكە دروستە. بەڵام چۆن ئەم قەڵەمە بچووكە ئەم هەموو رەنگانە لەخۆیدا جێ دەكاتەوە؟

پێنووسی scribble pen هەستەوەرێك و لێكدەرەوەیەكی بۆ ناسینەوەی رەنگەكان تێدایە، لەم پێنووسەدا تەنیا چوار رەنگە بنەڕەتییەكەی پێكهێنەری رەنگی تێدایە، بەڵام كاتێك ویستت قەڵەمەكت بە رەنگێكی تایبەت بنووسی، بۆ نموونە رەنگی پرتەقاڵی، هەر ئەوەندە بەسە قەڵەمەكە لە پرتەقاڵێك نزیك كەیەوە و خۆی ئۆتۆماتیكی رەنگی پرتەقاڵەكە خەزن دەكات و دەكرێت پێی بنووسی، قەڵەمەكە دوو جۆری هەیە یەكەمیان كارتریجی مەرەكەبی تایبەت بەخۆی تێدەكرێت، و دووەمیان بۆ نووسین لەسەر شاشەی لەمسییە.






# هۆشمەندی ئەپڵ بۆ ئۆتۆمبێل

گەلێك ئەركی پێ ئەنجام دەدرێ كە بەشێكیان ئەمانەن: كۆنترۆڵ كردنی دەنگی ناو ماشێن و هەروەها بەهۆی دەنگەوە دەكرێت فەرمان بە ئۆتۆمبێلەكە بكەی كە هەندێك ئەرك ئەنجام بدات، وەك بە دەنگی خۆت پێی بڵێ گڵۆپەكان هەڵبكات، هۆڕن لێبدات و دەرگاكان دابخات...تاد. دەكرێت كورتە پەیامەكانی كە بۆت هاتوون بخوێنێتەوە، یان ئیمێل بەرێ بكات.